# خەڵکی کوردستان  هێشتا فرسەت ماوە !



سیروان ئەمین
نوێنەری کەمپینی ریفراندۆم لە کوردستان / فینلاند
10.02.2005

بە پێی هەواڵەکان وا پی دەچێ  لیستی شیعەکانی کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەلایەن جمهوری ئیسلامی ئێرانەوە پالپشتی دەکرێن  بەشێکی زۆری کورسیەکانی   پەرلەمانی داهاتووی عێراقیان بەربکەوێ کە خۆی لە خۆیدا مەترسیەکی گەورەیە بۆ  سەر سەرجەم بوارەکانی ژیان و گوزەرانی خەڵک وەک ئەوەی کە لە پەنا دەستمانا ڕوودەدا لە  جمهوری ئیسلامی دا لە ئێران  دەگوزەرێ.
سەرەتاکانیشی دوو ڕۆژە  دەرکەوتووە و ئایاتولاکانی جنوب شمشێر  بادەدەن  و داوای دەوڵەتێک دەکەن لە سەر ئەساسی هەویەتی ئیسلامی دامەزرێ و لە قسەکانیاندا هە ر جورە دەوڵەتێکی غەیری ئیسلامی ڕەت دەکەنەوە و دژی هەر هەنگاوێک  ڕادەوەستن کە بەرەو جیاکردنەوەی دین لە دەوڵت بڕوات ، ئەم قسانە لەم ڕۆژانەی دوایدا لە دەمراستی شیعەکانەوە (سیسانی یەوە) ڕاگەینرا.
شتێکی بەڵگە نەویستە ئاشکرایە  کە ئیسلامیە  شیعەکان چەن لە ئێران و لە عێراقیش  دژایەتیان لە گەڵ خەڵکی کورددا هەیە و  کە س  قسەکانی  ئیمامی زەمان  (خومەینی) بیر نەچوە کە لە وەلامی دەروێس فروهەردا کە ئەو بۆ  گفتو گۆ چو وبووە کن  خومەینی  بۆ  مەسەلەی هەقی کوردەکانی ئێران لە سەرەتایی  شۆڕسی  ئێراندا ، کاتێک دەروێش فروهە ر باسی خودموختاری دەکات خومە ینی دەلێ سەرچاو بە مەرجێ لە قورئاندا باس کرابێ ، خومەینێ داوای  قورئانێک دەکا و بۆی دێنن و دەیدا بە فروهە ر دەلێ  فەرموو  وەکیل بە ئەگەر باس خودموختاری تێدا بوو منیش قبولمە ، ئەمە وەلامی خومەینە بوو کە ئەمانەی عێراق شاگردی ئەون ، بۆیە خۆ دەرباز کردن و خۆ جیاکردنەوە لە حکومەتێکی واچەن زوو بێ هێشتا درنگە بەتایبەتی ئێستا فرسەتێک بە دەستە ماوە و  هێشت مەلاکان  دەسەلاتێکی ئەوتۆیان نی یە حالی  حازر.
شایانی باسە جارێکی تریش بە هەر مەبەستێک بێت بزوتنەوەی  ڕیفراندۆم لە کوردستان لە پاڵ سنوقەکانی دەنگداندا  سنوقەکانی  خۆی داناو  جارێکی تر  ڕایگەیاند کە خەڵکی کوردستان لە 98% دەنگیان بە سەربەخۆی جیابوونەوە داوە .
خەڵکینە دەروازەی فرسەت پێ ناچێ هەروا کراوە بێت تا ئێستا دەتوانرێ لە کێشەکانی عێراق و نێو باڵە کۆنەپەرستە  ئیسلامیەکان ئیستفادە  بکەین  سەرەڕای  خۆ    گیف کردنەوەکانی تورکیا لە سەر مەسەلەی کرکوک کە هیچ  هێزێک  پێ ی  خۆش  نی یە  لە دونیادا تورکیا هەنگاوێکی وا هەڵبگرێ بە تایبەتی ئەوروپا  کە تورکیا قەپی لە وە خۆش  کردوە کە پاش پانزە ساڵێکی تر ببێتە ئەندام لە بازاڕەکەیدا ، بۆیە نابی ئەم فرسەتە لە دەس بدەین و جارێکی تر بمانبنەوە ژێر دەسەلاتی فاشیزم و ئیسلامی  و کارەساتی وەک هەڵبجەو ئەنفال دووچاری خەڵکی کوردستان بێتەوە  .
من داوام لە هەموو ئەو کاس و لایەنانە  هەیە سەربەخۆی خەڵکی کوردستانیان  بە لاوە گرنگە بی گۆیدانە چۆنیەتی بیرکردنەوە  هەوڵەکانیان یەکخەن لەم پێناوەدا تا خەڵکی کوردستان لە زوڵمێک کە ساڵەهایە لێ ی دەکرێت ڕزگاری بێت.